# پێشێلکاریەکان لەکوردستان!

## لەئاست پێشێلکاریەکاندا، لیژنەی مافی مرۆڤیش ناتوانێت بێدەنگ بێت!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk



لەحوزەریرانی لەساڵی 2005 وە لەچەند بەشێکدا زۆرێك لەپێشێلکاریەکان کە لەکوردستان ئەنجامدراوە لەلایەن یەکیتی و پارتی و حکومەتەکانیانەوە لەسەرکوتی خۆپیشاندانەکانی خەڵك بۆ خواستی ئاوو کارەباو سوتەمەنی و گرتن و ڕاونانی خەڵك و گەندەڵ بونی سەرتاپا دامودەزگاکانی هەردوو دەسەلاتەکە، و هەڕەشە و ترساندنی کرێکاران و کارمەندان کەداوای مافەکانیان دەکەن، بڵاوکراوەتەوە، کەدەکرێ بڵێن ئەو راستیانەی کەخەڵك بەخوێن و گۆشتی خۆی رۆژانە تەجروبەیان کردوە و پێی گەیشتوون، روخسارو ماهیەتی حیزب و دەسەلاتەکانی لەکوردستاندا ڕۆشنکردۆتەوەو قەڵەشتێکی گەورەی لەنێوانیاندا پێکهیناوە، ئەوانە بەشێکی بچوکی ئەو ڕاستیانەیە کەخەڵکی کوردستان لەژێر سایەی حکومەتی خۆولاتی ناسیونالیزمی کوردا بەسەری دەبەن و دەست میدیاکان کەوتون و بڵاوبونەتەوە، وە خەڵکی کوردستان ئەو راستیەیان زانیوە کەئەوانە مشتێکن لەخەرواری هەگبەکەی ئەحزابی بزوتنەوەی کوردایەتی و هیچ خۆشباوەریەکیان نەماوە، خۆپیشاندان و مانگرتنە سەرتاسەریەکانی کوردستان ئەوە دەسەلمێنن...

بەلام ئەوەی لێرەدا تاکیدی لێدەکەینەوە روویەکی تری راستیەکانی ماهیەتی دەسەلاتداریێتی ناسیونالیزمی کوردە پاش 15 ساڵ لەحاکمیەتیان لەکوردستاندا، ئەویش ئینسان دزین ( رفاندن ) و بێسەرو شوێنکردنە، ئەمە راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا خستویەتیە روو کە لەئاوێنەی ژمارە 42ی 2006/10/31 دا بلاوبۆتەوە، کەئەگەر کەیسی کەمالی سەید قادر لەدزینەکەی بەڕێکەوت ئاشکرا بوو وە شانسی هێنا بیسەرو شوێن نەکرا، ئەوا لەو راپۆرتەدا ئاماژەی بە 21 حاڵەتی بێسەرو شوێن کراو، کردوە و وە نازانری چەندانی تر هەیە کەهێشتا ئەو راپۆرتە پێی پێ نەبردون.

ئەوەی لەراپۆرتەکەدا هاتوە سەبارەت بەبونی هەزاران زیندانی لەژن و مناڵ و لاوو پیاو و کەسانی شێت و بونی مناڵانی ساوا، لەخراپی باری دەرونی و شوینی خراپ و نا تەندروست و معامەلەی خراپ بەزیندانی و هەتا بێ وەلامی بۆ ماوەیەکی زۆری لەزینداندا مانەوەو نەدانیان بەدادگا، تەواوکردنی حکوم و ئازادنەکردنیان، یان حوکمی ئەبەدی و لەسیداردان، وە بەردانی کەسانێك بەبریاری تایبەت و مانەوەی کەسانی تر لەزینداندا کەهەمان حاڵەتیان هەیە، دەکرێت هەر یەکەیان بەجیا قسەی لەسەر بکریت و ماهیەتی حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگۆشەیەکەوە دەربخەن. یان لایەنێکی تری ژیانی رۆژنانەی خەڵك بەدەست بێ ئاوو کارەباو سوتەمەنیەوەو تائێستا کارکردن بەیاساکانی حیزبی بەعس و کوژرانی رۆژانەی ژنان لەژێر سیبەری دەسەلاتەکانیان و کۆچی بەکۆمەڵی لاوان بۆ هەندەران، یان لەسەر سەرکوتی مخالیفین بدرێنە بەر رەخنە.

ئەوانەو پێشێلکاریەکانی کە لەراپۆرتەکەدا هاتوە زۆر شتی کە هەن، بەلام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، پاش دەوری 15 ساڵ لەشاخ دابران، پاش 15 ساڵ لەحاکمیەت و دەسەلاتداریێتی بێرەقیب لەکورستاندا، هێشتا ئینسان دزین و بێسەرو شوێن کردن، بەشێك لەکارنامەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد پێکدەهێنێت، ناسیونالیزمی کورد ناتوانێت پاش نزیك بەدوو دەیە لەدەسەلاتداریێتی، خۆی ئاڵوگۆر پێبدات بۆ ئەحزابی شاری و مۆدێرنی دەسەلاتدار کەسیاسەت و ماهیەتی بگۆڕێت کەوەك حکومەت معامەلە بەکیشەکانی خەڵك و مخالیفی خۆی بکات، وەلامی خواستەکانی خەڵك بەرێگای ئوسولی بداتەوە، رێگای قانونی و ئوسولی لەگەڵ مخالفینی خۆیاندا بەکار بهینن و پەنا بۆ کوشتن و راونان و ترساندن و رفاندن و بیسەرو شوێن کردن نەبەن.

لێرەدا پرسیارێك خۆی مەترەح دەكات، ئایا لەم جۆرە كردەوانەی یەكیتی و پارتی، وەك كارنامەی ئەحزابی ناسیونالیستی عەشیرەتی و ئیسلامی كورد، بۆ خەڵكی كوردستان كارێكی عەجیب و غەریبە، ئایا پێشتر كارنامەی شاخیان لەم كارانەی كەم تێدا بوە، ئایا كەم كاری رفاندن و كوشتن و لەتوپەتكردنی مخالیفنی خۆیان لەدەرەوەی خۆیان و لەناو ریزەكانی خۆیاندا ئەنجامداوە، ئایا كارنامەی ئەم حیزبانە لەنۆكەری كردن و جاشێتی و جاسوسی كردن بۆ دەزگا جۆراوجۆرەكانی رژێمی بەعس و دەولەتەكانی ئێران و توركیا كەمە؟ ئایا لە15 ساڵی حاكمیەتیان لەكوردستان و تیرۆكردنی مخالیفن و كوژرانی زیاتر لە 9 هەزار ژن و كەلەتەقاندنی یەكترو دزینی سەروەت و سامانی كۆمەلگا و ئاودیوكردن و گەندەڵبونی سەرتاپا دەزگاكانیان و پێشلەشكری كردن بۆ دەولەتانی ناوچەكە بۆ قولایی ناو كوردستان، هەموو ئەمانە راستی ماهیەتی ئەم حیزبانەی بزوتنەوەی كوردایەتی دەرناخات؟، ئایا ئەو راستیانە پوچی دیموكراسی و مافی مرۆڤەكانیان لەكوردستان دەرناخات؟

ئایا دەكرێت خەڵك خۆشباوەریەكی پیان هەبێت و ئەو كەلێنەی لەنێوان خەڵك و ئەواندا دروست بوە پڕبكرێتەوە، لەكاتێكدا سەرەرای ئەوانە سیاسەت و ماهیەتیان لەكوردستاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاشكرا تر دەبێت، لەئینسان دزین و بیسەرو شوین كردن، ئەوەتا ئێستا هاوكاتی ئاشكرا كردنی لیستێكی تازە لەماهیەتی ئەو حیزبانە و سەركردەو ریزەكانیان لەجاسۆسی كردن بۆ رژێمی بەعس، كەیسی 21 كەس ئاشكرا دەبێت! كە بێسەروشوێن كراون، ئایا كارنامەی ڕەشی ڕژێمی بەعسیش هەر ئەمانە نەبوو، لە ئینسان رفاندن و بیسەروشوێن كردن، كە لاشەی هەزاران كەس ئێستا بەشێوەی جۆراوجۆر ئێسكەكانیان دەدۆزرێتەوە!؟. ئەمانە هێشتا شتێكی كەمی ئەو راستیانەیە كەكۆمەڵگای مەدەنی كوردستان تەجروبەی كردون و ئاشكرای كردون، چیتر هیچ دەزگاو لایەنێك یەك تۆز لایەنگیریان بۆ مافی مرۆڤ هەبێت، وە دڵسۆز بن بۆ خەڵكی كوردستان ناتوانن لێی بێدەنگ بن و ماهیەتی دژی ئینسانی و دژی خەڵكی ئەو حیزبانەی ناسیونالیزمی كورد دەرنەخەن و ناتوانن بێدەنگی لێبكەن و نارەزایەتی دەرنەبڕن.

ئەمانە هەمووی كارنامەی رەشی ئەحزابی ناسیونالیزمی كوردە لەژێر سێبەری دیموكراسی و مافی مرۆڤەكەی ئەمریكاو بەستنەوەی كوردستان بەدەوڵەتی قەومی ئیسلامی عەرەبی عێراق و دەسەلاتە فیدرالیەكەیاندا، كەهێشتا ئاسۆی دەسەلاتەكەیان رۆشن نیە، ئەبێت بەجێگیر بونی زیاتری دەسەلات و حكومەتیان چی بەلایەكی زیاتر بەسەر خەڵكی كورستاندا بێهێنن!؟.